# حوكمی ڕەشكردنی مووی سەر و ڕیش

[ كردي – كوردی – kurdish ]

## یوسف مەلا خەلیل

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم صبغ الشعر بالسواد

« باللغة الكردية »


يوسف ملا خليل

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی ڕەشكردنی مووی سەر و ڕیش

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە.

یەكێك لەو باسە فیقهییانەی كە هەردەم جێگەی مشتومڕ و لێكۆڵینەوە بووە و، ڕای جیاوازی زۆری لە بارەوە هاتووە و، خەڵكانێكی زۆریش لە ڕوانگەی پێویستییان بە بابەتەكەوە لایان بە لادا كردووەتەوە، _چون كەم تا زۆر لە قۆناغێك لە قۆناغەكانی تەمەندا زۆرێكمان بابەتەكە دەبێتە جێی گرنگیمان و، حەوجێ بە ڕای دروست لەو بارەوە دەبین_ حوكمی ڕەشكردنی قژ و ڕیشە.

بمانەوێ و نەمانەوێ، بە هۆی ئەو فەرموودە و گوتە و ڕایانەوە كە لە بارەی باسەكەوە هاتوون، سروشتی بابەتەكە ڕای جیاواز لە خۆ دەگرێ، هەر بۆیە وەك هەر باسێكی دیكەی فیقهی، دەبێ چاوەڕێی ڕای جیاواز و پێچەوانەی بكرێ و، تاك لایەنانە و بە ڕەهایی قسەی تێدا نەكرێ و، هەمیشە ئەو گوتە جوانەی پێشەوا شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبەرچاوگرین كە دەڵێ: «

ڕاکەی من دروستە و دەکرێ هەڵە بێ و، ڕاکەی تۆش هەڵەیە و، دەکرێ وەڕاست گەڕێ » کەوایە لە کاتی دەستبردنمان بۆ هەر بابەتێکی فیقهیدا، دەبێ بێلایەنانە و بابەتیانە بە شێوەیەکی زانستییانە و دوور لە مۆرانەی دەمارگیری هەموو ڕا پێچەوانەکان لەبەرچاوگرین و سەرچاوەی چێبوونی ڕا جیاوازەکان بزانین و، هەر لە دوورەوە فیشەك بە تاریکییەوە نەنێین!

نابێ تەنگبین بین و، بۆ هەر مەسەلەیەك، تەنها فەرموودەیەك یان ئایەتێك یان ڕایەك ببینین، بەڵکە بۆ ئەنجامگیری لە هەر بابەتێکی فیقهیدا، دەبێ هەموو ئەو ئایەت و فەرموودە و گوتانە_ کە لە بارەی بابەتەکەوە هاتوون_ کۆکەینەوە و، پاشان بە پێودانگی کات و شوێن و واقیع و سەردەم بیانپێوین.

ڕاستییەکەی ئەو کەسە فەقیهی پێ ناگوترێ، کاتێ کە پرسیارێکی فیقهی لێ دەکرێ، خێرا بێ سێ و دوو کردن و بیرکردنەوە و، شەنوکەوکردنی بابەتەکە زۆر بە تێگەیشتنێکی سەرپێیانە و کورتبینییانە فەرموودەیەك _ئیدی بێ شیکردنەوە_ دێنێتەوە و، گوێ لە ڕا جیاوازەکانی دیکە ناگرێ و، دەستبەجێ

بە کاڵ و کرچی وەڵام دەداتەوە و، دەڵێ: هەر ئەم ڕایە دروستە و، تەواو!

جگە لەوەش ڕێگە نادات شوێنکەوتووەکانی یان قوتابییەکانی گوێ لە ڕای جیاوازی دیکە بگرن و، چەند ناوناتۆرەیەکی وەکو موبتەدیع و تەکفیری _وەکو چەکێك_ بۆ ناشرینکردنی کەسانی بەرانبەر بە کار دێنێت، ڕاستییەکەی هۆی ئەم کارە لە دوو شت بە دەر نییە :

یەکەم : ئەم مامۆستایە یان ئەم کەسە یاخود ئەم بیرە، یان ئەوەیە کەسی پرسیارکەر بە گێل و گەمژە دەزانێ و عەقڵی بە عەقڵێکی سوك تەماشا دەکا و، وا دادەنێ کە ئەوانەی دەروبەری لەو کەسانەن کە با لە هەر لایەکەوە هەڵکا، ئەوان لەوێوە شەن دەکەن، بۆیە ناهێڵێ گوێ بۆ کەسانی دیکە ڕادێرن.

دووەم : یاخود ڕا و بۆچوون و ڕێڕەوەکەی خۆی ئەوەندە بە پووچ و لاواز دەزانێ، کە دەکرێ بە هەر ڕایەکی دی پووچ ببێتەوە و، ڕەواجی نەمێنێ، دەبینی قورئان _بە پێچەوانەی ئەوانەوە_ هەمیشە ڕا جیاوازەکان تەنانەت لە بارەی بابەتە هەستیارە

عەقائیدییەکانیشەوە دێنێتەوە و، بە گورزی بەهێزی حەق و ڕاستی بە یەکجاری تەپۆلکەی گومان و ناڕەوایی دادەڕمێنێ!

ئەو کەسانە جگە لەوەی جوان لە ئایین و مەبەستی سەرەکی ئایین نەگەیشتوون، بەڵکو تاوانێکی گەورەشیان دەرهەق بە فیقهی ئیسلامی ئەنجامداوە، چون دەروازەیەکیان تەنگ کردووەتەوە و داخستووە، کە خودا هەمیشە بە کراوەیی و فراوانی بۆ بەندەکانی هێڵاویەتییەوە و وای پێ ڕەوا دیون.

پێش هەموو شت دەبێ ئەوە بڵێم کە ئێمە لەم باسەدا تەنها جەختمان لەسەر بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش کردووەتەوە، چون بەکارهێنانی هەردوو ڕەنگی سوور و زەرد کێشە و جیاوازییەکی وای لەبارەوە نەهاتووە و، بە لای هەموو زانایانەوە سوننەتە.

سەرەتا ڕا جیاوازەکان بەسەر سێ ڕای سەرەکیدا دابەش دەکەین و، بەڵگە و ڕاکان لە هەر یەکێکیاندا باس دەکەین.

**١. ئەوانەی حەرامی دەکەن.**

**٢. ئەوانەی بە ناپەسەند (مەکروە) ی دەزانن.**

**٣. ئەوانەی بە ڕێگەپێدراو (مباح) ی دادەنێن.**

بەر لە باسکردنی هەر یەکێك لەو سێ ڕایەی سەرەوە، ئەو دوو شتە باس دەکەین کە زانایان لە بارەیەوە هاوڕا و یەکدەنگن.

١. ڕەشکردنی قژ و ڕیش لە کاتی جیهاددا: زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ڕەشکردنی قژ و ڕیش لە کاتی جەنگ و جیهاددا دروست و ڕێگەپێدراوە.

أ. لە فەتوا هیندییەکان (الفتاوى الهنديه) دا هاتووە دەڵێ: « ڕەنگکردنی قژ و ڕیش بە ڕەنگی ڕەش لە کاتی شەڕ و جەنگ لە بەرانبەر دوژمنانی خودادا بە مەبەستی ترساندنی دوژمن و بە گەنج پیشاندانی میللەتی موسڵمانان دروست و ڕێگەپێدراوە، بەڵکو ئەمە کارێکی ویستراوە و، زانایانیش لەسەر ئەمە کۆڕا و یەکدەنگن» .

پێشەوا (سەرخەسی) یش نکۆڵی لەوە نەکردووە کە هیچ جیاوازییەك لە نێو زانایاندا لەمەڕ ڕەشکردنی قژ و ڕیشەوە لە کاتی جەنگدا هەبێ و، دەڵێ: « هیچ جیاوازییەك لە نێو زانایاندا نییە لە بارەی سەربازێکەوە کە قژ و ڕیشی ڕەش بکات و، خۆی

بەرانبەر دوژمنانی ئایین و میللەت بە گەنج نیشان بدا، بۆ ئەوەی ترس و بیم بخاتە نێو دڵیانەوە ».

(نەفراوی) ی مالیکییش ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە کەسی جەنگاوەر چ سووچ و تاوانێکی ناگات ئەگەر قژ و ڕیشی ڕەش بکا، بەڵکو پاداشتیشی لەسەر دەدرێتەوە و، دەشڵێ: « بەڵام ئەگەر بۆیەکردنی قژ و ڕیش _بە ڕەنگی ڕەش_ بۆ مەبەستێکی شەرعی وەکو ترساندنی دوژمن بێ، ئەوا هیچ کێشە و جیاوازییەکی تێدا نییە، بەڵکو پاداشتیشی لەسەر دەدرێتەوە ».

(عەدەوی) ی مالیکییش هەمان ڕای هەبووە و، شافیعییەکانیش هەرچەند لەمەڕ ڕەنگی ڕەش بەکارهێنانەوە زۆر توند بوون، وەلێ لەمەدا هەمان ڕای زانایانی دیکەیان هەیە و، لەم بارەدا بە ڕێگەپێدراوی دەزانن، ئەوەتا (شیروانی) ی شافیعی دەڵێ: « بۆیەکردنی قژ و ڕیش بە ڕەنگی ڕەش حەرامە، تەنها بۆ جەنگاوەرێك نەبێت کە لە دژی بێباوەڕاندا بجەنگێ، ئەوەیان هیچ کێشەیەکی تێدا نییە و، دروستە » .

هەر لە فیقهی عیباداتی شافیعیدا هاتووە کە دەڵێ: « بەڵام ڕەشکردنی قژ و ڕیش بۆ جیهاد و جەنگان لە دژی بێباوەڕاندا دروست و ڕێگەپێدراوە، بەڵکو ئەوە کارێکی خوازراوە و، داوا لە کەسانی جەنگاوەر دەکرێ کە ئەو کارە _بە مەبەستی ترسخستنە نێو دڵی دوژمنەوە_ بکەن، بە گوێرەی ئەو کارەی کە هاوەڵی بەڕێز _ئەبو دوجانە_ لە کاتی جەنگی ئوحوددا بەرانبەر بێباوەڕان ئەنجامی دا، ئەوە بوو کاتێ کە ئەبو دوجانە شمشێرەکەی لە دەستی پێغەمبەری خودا وەرگرت، دەستبەجێ بەوپەڕی لوتبەرزی و کەش و فشەوە بە نێو ڕیزی بێباوەڕەکاندا دەڕۆیی، پێغەمبەری خوداش فەرمووی: « أن هذه مشية، يبغضها الله تعالى، إلا في هذا الموضع » واتە: ئەمە ڕێکردنێکە، کە خودای گەورە پێی ناخۆشە، تەنێ لەم کات و بارەدا نەبێ.

ئیبنوحەجەریش دەڵێ: « تەنها حوکمی کەسی جەنگاوەر لە مەسەلەی ڕەشکردنی قژ و ڕیشدا جیاوازە و، لەم بارەدا بە کۆڕای زانایان ڕێگەپێدراوە ».

ئەمەش بۆ گەنج نیشاندانی میللەتی موسڵمانان و، ترسختنە نێو دڵی دوژمنانە، لە پەراوێزی قەلیوبی و عومەیریشدا (حاشیة القلیوبي والعمیري) هاتووە و، دەڵێ: «ڕەشکردنی ڕیش تەنها بۆ کەسی جەنگاوەر _ بە مەبەستی ترساندنی دوژمن _ دروست و ڕێگەپێدراوە ».

زەکەریای ئەنسارییش دەڵێ: «تەنها بۆ کەسی جەنگاوەر لە دژی بێباوەڕاندا دروستە، ئەویش بۆ تۆقاندنی دوژمن و، بەهێز نیشاندانی میللەتی موسڵمانان ».

ڕوحەیبانیش دەڵێ: « گۆڕینی قژی سپی بۆ ڕەنگی ڕەش باش نییە، جگە لە کاتی جەنگ ».

ڕاستییەکەی ڕای زۆری دیکەی هاوڕای ئەم ڕایە هەن، بە جۆرێ _وەکو گوتمان_ هەموو زانایان ئەم ڕایەیان هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی درێژ نەبێتەوە، ئەوەندە بەسە.

٢_ ڕەشکردنی قژ و ڕیش بە مەبەستی فرت و فێڵ و خەڵەتاندن:

دووەم بار کە بە هەمان شێوەی باری یەکەم زانایان تێیدا هاوڕا و کۆکن، حەرامبوونی ڕەشکردنە ئەگەر بە مەبەستی فرت و فێڵ و

هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بوو، بۆ نمونە لە کاتی ژنهێناندا کەسێ بیەوێ فێڵ لە کچە و خێزانی کچە بکات و، خۆی بە گەنج نیشان بدا و، لەمەڕ ڕەشکردنی قژ یان ڕیشییەوە هیچیان تێ نەگەیەنێ و، بەم کارەی وایان تێگەیەنێ کە قژ و ڕیشی هەر خۆی وا ڕەش و قەترانیین، ڕوحەیبان دەڵێ: « جگە لە کاتی جەنگ باش نییە ڕەنگی ڕەش بەکار بهێنرێ، خۆ ئەگەر بۆ خەڵەتاندن و فرت و فێڵ بەکار هێنرا، ئەوا حەرامە » .

حەجاویش دەڵێ: « باش نییە ڕەنگی ڕەش بەکار بهێنرێ، وەلێ ئەگەر لە کاتی ژنهێنان و کڕین و فرۆشتندا بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندن بەکار هێنرا، ئەوا حەرامە » .

نەفراویی مالیکییش لەم بارەیەوە دەڵێ: « بەڵام ئەگەر ڕەنگی ڕەش بە مەبەستی لوتبەرزی بەکارهێنرا، بۆ نموونە لە کاتی کڕینی بەندەیەکدا، یان داخوازی ئافرەتێکدا، ئەوا گومان لە حەرامبوونیدا نییە » .

بهوتی حەنبەلییش دەڵێ: « ئەگەر مەبەست پێی ـ ڕەشکردن ـ درۆ و فێڵکردن بوو لە کاتی کڕین و فرۆشتن یان داخوازیدا، ئەوا

حەرامە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێ: «من غشنا فليس منا» واتە: هەر کەسێك گزی و فێڵمان لێ بکا، ئەوا لە ئێمە نییە.

ئیبنولقەییمیش دەڵێ: « ئەو ڕەشکردنەی کەوا قەدەغە کراوە، ئەوەیە وا بە مەبەستی فرت و فێڵ و خەڵەتاندن دەکرێ » .

موبارەکفوریيش دەڵێ: «ڕەشکردن بە ڕەنگی ڕەش بۆ خەڵەتاندن، بە کۆڕای زانایان حەرامە » .

بە هەمان شێوەی ئەوەی یەکەم، لێرەشدا ڕا و بەڵگەی زۆری دیکە هەن، بەڵام بۆ ئەمەشیان ئەوەندە بەسە، ئەوەی لێرەدا دەکرێ قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە حەرامبوونی کارەکە بە هۆی ڕەشکردنەکەوە نییە، بەڵکو بە هۆی هۆکاری ڕەشکردنەکەوەیە، کە فرت و فێڵ و خەڵەتاندنی موسڵمانانە، بێگومان ئەمەش لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەموو ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەدا، بە کارێکی بێزراو و قێزەون و نائەخلاقی لە قەڵەم دەدرێ و، یەکێکە لە تاوانە هەرە گەورەکان کە لە خۆگری درۆیە، واتە تەنانەت ئەگەر کەسێك بە هۆی سپیکردنی قژ یان ڕیشییەوە

بیەوێ فێڵ و درۆ بکا، ئەوا ئەویش بە هەمان شێوەی ڕەشکردنەکەیە و، هەردووك دوو ڕووی یەك دراون، هۆکارەکە درۆ و فێڵە، نەك ڕەشکردن یان سپیکردن، قاعیدەیەکی شەرعیشمان هەیە دەڵێت : « العلة تدور مع الحكم وجودًا و عدمًا» واتە: هۆکار هەمیشە لەگەڵ حوکمدا دەخولێتەوە و پەیوەستیەتی، ئەگەر هەبوو، حوکمیش دەبێ و، ئەگەر هۆکار نەما، حوکمەکەش نامێنێ .

ئەمە هەر وەکو مەسەلەی شەرواڵکورتییەکە وەهایە، ئەگەر کەسێ بە نیازی خۆسەپاندن و فش و هوڕەوە شەرواڵەکەشی کورت کردبێتەوە، ئەوا ئەو تاوانبارە نەك کەسێ بە بێ نیاز شەرواڵ یان پانتۆڵەکەی درێژ کردووەتەوە، هۆکار خۆبەزلزانییە، نەك درێژی یان کورتیی شەرواڵ..!

ئەو بەشەی کە زانایان لە بارەیەوە جیاوازن و هاوڕا نین:

زانایان لەمەڕ ڕەنگی ڕەش بەکارهێنانەوە جگە لە دوو بارەکەی پێشوو (کاتی جەنگ و بە مەبەستی خەڵەتاندن) جیاوازن و، دەبنە سێ بەشەوە:

**یەکەم: ئەوانەی بە حەرامی دەزانن:**

ڕای زۆرێك لە شافیعییەکان و، هەندێك لە حەنبەلییەکانیش ئەم ڕایەیان هەیە، ماوەردیی شافیعی دەڵێ: « ڕەنگی ڕەش بەکارهێنان حەرامە، مەگەر ئەوەی کە بۆ جیهاد و ترساندنی دوژمن بەکاربهێنرێ » .

پێشەوا نەوەوییش لە بارەی ئەمەوە زۆر توندە و، زۆر بە ڕەهایی حەرامی دەکات و، دوای ئەوەی ڕا جیاوازەکانی مەزهەبی شافیعی لەم بارەیەوە باس دەکات، ئەوجا خۆی لە کۆتاییدا دەڵێت : « ڕای دروست، بەڵکو تەنها ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە حەرامە » و، دەشڵێت : بەڵگەی حەرامبوونەکەشی ئەو فەرموودەیەی ئەبوقوحافەیە کە پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی و، جابیری کوڕی عەبدوڵڵاش هەواڵخوانەکەیەتی و دەڵێ: لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا ئەبوقوحافەی باوکی ئەبوبوکری صدیقیان هێنایە خزمەت پێغەمبەری خودا و، سەر و ڕیشی وەکو داری (ثغامة) سپی بووبوو، پێغەمبەری خوداش فەرمووی: « غيروا هذا بشيء، واجتنبوا السواد

« واتا: بە هەر ڕەنگێك پێتان دەكرێ، ئەمە بگۆڕن، وەلێ ڕەنگی ڕەشی لێ دوور خەنەوە.

و، فەرموودەیەكی دیكەش لەم بارەیەوە هاتووە و، ئیبنوعەبباس هەواڵخوانەكەیەتی و، دەڵێت : پێغەمبەری خودا فەرمووی: « یكون قوم یخضبون _فی آخر الزمان_ بالسواد، كحواصل الحمام، لا یریحون رائحة الجنة » واتا: كۆمەڵە خەڵكانێك لە ئاخیر زەماندا پەیدا دەبن كەوا سەر و ڕیشیان بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگ دەكەن، بە وێنەی جیقڵدانی كۆتر، ئەوانە بۆنی بەهەشت ناكەن .

زەكەریای ئەنسارییش دەڵێ: « ڕەنگكردنی قژ و ڕیش بە ڕەنگی ڕەش حەرامە » .

لە فیقهی عیباداتی شافیعیشدا هاتووە و دەڵێ: « ڕەنگی ڕەش بەكارهێنان بۆ سەر و ڕیش حەرامە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان ژن و پیاودا لەم بارەیەوە نییە ».

هەر ئەمەش ڕای هەندێ لە زانایانی سەردەمی وەكو ( شێخ ئیبن باز و شێخ ئیبن عوسەیمین) ـە و، شێخ (ئەلبانی) یش زۆر بە

توندی حەرامی دەکات و، سەبارەت بەمە ڕەخنە لە شێخ سەیید سابیق _نووسەری (فقه السنة)_ دەگرێ و، لە ڕادەبەدەر لەو کەسانەش تووڕەیە کە ئەم کارە بە ڕێگەپێدراو دەزانن..!

بە کورتی: ئەم ڕایە ڕەشکردنی قژ و ڕیشی پێ حەرامە و، بەڵگەشیان ئەو دوو فەرموودەیەیە کە باسمان کردن.

**دووەم: ئەوانەی کە بە ناپەسەند (مەکروە)ی دەزانن:**

ئەم ڕایە دەڵێت : ڕەشکردنی قژ و ڕیش حەرام نییە، وەلێ بە ڕەهاییش حەڵاڵ نییە، بەڵکە لەو نێوەندەدا بە ناپەسەند (مکروە) لە قەڵەم دەدرێ.

ئیبنوعابیدین دەڵێ: « ڕەشکردنی قژ و ڕیش باش نییە ».

عەدەویی مالیکییش دەڵێ: « بۆیاغکردنی قژ و ڕیشی سپی بە ڕەنگی ڕەش حەرام نییە، وەلێ باش نییە و، بە ناپەسەند دا دەنرێ » .

مەزهەبی مالیکی و حەنبەلی و، ڕایەکیش لە حەنەفی و شافیعی بە ناپەسەند (مکروه) ی دەزانن و، کۆمەڵێك لە هاوەڵانی هەر چوار مەزهەب هەر ئەم ڕایەیان بەلاوە پەسەندە.

کەشناوی دەڵێت : « بۆیاغکردن بە ڕەنگی ڕەش باش نییە ».

ڕوحەیبانیش دەڵێ: « گۆڕینی قژ و ڕیشی سپی بۆ ڕەنگی ڕەش جگە لە کاتی جەنگ باش نییە و، بۆ فرت و فێڵ و خەڵەتاندنیش حەرامە ».

وەك پێشتریش باسمان کرد، حەجاوی لە (الإقناع لطالب الانتفاع ١/٤٤) دا دەڵێ: « ڕەشکردن باش نییە ».

پێشەوا غەزالییش لە کتێبی (الإحیاء) دا و، بەغەوییش لە (التهذیب)دا و، هەندێ لە هاوەڵانی دیکەی مەزهەبی شافیعییش دەڵێن: « ڕەشکردن باش نییە » و، پێشەوا نەوەوییش _هەرچەند خۆی پێی حەرامە_ بەڵام سەبارەت بە ڕاکەی ئەم زانایانە دەڵێ: « ڕووکاری قسەکەیان ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئەوان مەبەستیان (کەراهەتی تەنزیهی) یە ».

عویەینییش لە (عمدة القاري ٢٢/٥١) دا دەڵێ: « مەزهەبی شافیعی لەمەڕ ڕەشکردنی قژ و ڕیشەوە دوو ڕای تێدایە، وەلێ ڕا باوەکەیان ئەوەیە کە مەکروهە » .

ئیبنوموفلیحیش لە (الفروع ١/١٣١) ەوە وای لێ گێڕدراوەتەوە کە گوتوویەتی: « ڕەشکردن بە کۆڕای دەنگ باش نییە ».

پێشەوا ئیبنولقەییمیش لە (تهذيب سنن أبي داود) دا دەڵێ: « کۆمەڵێ لە زانایان و زانستخوازان ڕەنگکردنی قژ و ڕیشیان بە ڕەنگی ڕەش پێ باش نەبووە، بێگومان هەر ئەو ڕایەش دروستە و، بە پێشەوا ئەحمەدیش گوتراوە: ڕەنگکردن بە ڕەشت پێ باش نییە..؟ ئەویش گوتوویەتی: بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا ».

حافیز ئیبنوحەجەریش لە کتێبی (فتح الباري) دا دەڵێ: « هەندێ لە زانایان بە تەواوی ڕێگەیان بە ڕەشکردن داوە، وەلێ ڕای دروستتر ئەوەیە کە باش نییە (کەراهەتی هەیە) » .

(علي القاري) لە (جمع الوسائل فی شرح الشمائل ١٠٢) دا دەڵێت : « زۆربەی زانایان پێیان وایە کە ڕەشکردن باش نییە » و، لە (مرقاه المفاتيح ٤/٤٦٧) یشدا بە هەمان شێوەی گوتووە و،

ئیبنوعەبدولبەڕیش ئەم گوتەیەی بە گوتەی زۆربەی زانایان زانیووە و، لە (الاستذکار ٢٧/٨٥) دا گوتوویەتی: « ڕای پێشەوا مالیك لەمەڕ بۆیاغکردنی قژ و ڕیش بە ڕەنگی ڕەشەوە ئەمەیە: ڕەنگی دی جگە لە ڕەنگی ڕەشم پێ باشترە، مالیك خۆی هەر وا بووە، چون زانستخوازان ڕەنگی ڕەشیان پێ باش نەبووە » ئیبنوقودامەش لە (المغني ٦/١٢٧)دا و، شێخولئیسلام ئیبن تەیمییەش لە (العمدة ١/٢٣٨)دا و، ئیبنولقەییمی جەوزیش لە (تهذیب السنن ٦/١٠٤) دا هەمان ڕایان پەسەند کردووە .

ئەوەی وای لەم زانایانە کردووە کە ئەم ڕایە هەڵبژێرن دوو هۆکارە:

**یەکەم** : دەبینین زۆرێك لە هاوەڵان قژ و ڕیشیان بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگ کردووە و، هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم ڕەنگەدا نەبووە، کە دواتر ناویان دێنین.

**دووەم** : ئەو فەرموودەیەی کە پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی و، بە ڕاشکاوی پێغەمبەری خودا لە بارەی

ئەبوقوحافەوە دەفەرموێ: (ڕەنگی ڕەشی لێ دوور بخەنەوە)، هەروەك پێشتر بە درێژی باسمان كرد.

كەوایە ئەم زانایانە هاتوون ئەم دوو خاڵەیان بۆ ئەنجامگیری لەمەڕ ئەم باسەوە لەبەرچاو گرتووە و، ڕایان وایە كە كارەكە نە حەڵاڵی تەواوە و نە حەرام، بەڵكو لەم نێوەندەدا باش نییە و، گوتوویانە: ناكرێ كارێك حەرام بێت و، ئەو هەموو هاوەڵە بەڕێزە بێ سڵكردنەوە و، بە ئاشكرا ئەنجامی بدەن، هەر بۆیە دیارە ئەو نەهیكردنەی پێغەمبەری خودا (ناپەسەندبوون) ی كارەكە دەگەیەنێ نەك (حەرامبوون) ی.

تەنانەت هەندێ لەوانەی ئەم ڕایەیان هەیە، گوتوویانە: ئەم مەكروهە لە جۆری كەراهەتی تەنزیهییە نەك تەحریمی!

## ڕای سێیەم: ئەوانەی بە ڕێگەپێدراوی دەزانن

ئەمە ڕای هەندێ لە زانایانی كۆن و نوێیە و، تەنانەت ڕای زۆر لە هاوەڵان و شوێنكەوتووانیشە، چون وەك لێیان دەگێڕدرێتەوە كۆمەڵێكی زۆر لە هاوەڵان و شوێنكەوتووان و ئەوانی دوای ئەوانیش قژ و ڕیشیان ڕەش كردووە و، بە هیچ جۆرێك بە كارێكی

حەرام یان ناپەسەندیان نەزانیووە، بەڵکو هەندێکیان بە باشیشیان زانیووە، هەندێکیشیان بۆ زەوق و سەلیقەی کەسەکە خۆییان بەجێ‌هێشتووە، بە پێی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژی، ئیبنولقەییم لە کتێبی (زادالمعاد ٤/٣٦٨) دا دەڵێ: « پێشەوا حەسەن و حوسەین ـخودا لێیان ڕازی بێـ لە بارەیانەوە گێڕدراوەتەوە کەوا هەردووکیان قژ و ڕیشیان بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگ کردووە، ئیبنو جورەیریش لە (تهذیب الآثار) دا ئەمەی لە بارەیانەوە گێڕاوەتەوە و، بە هەمان شێوەش دەڵێ: پێشەوا عوسمانی کوڕی عەففان و، عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر و، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و، عوقبەی کوڕی عامیر و، موغیرەی کوڕی شوعبە و، جورەیری کوڕی عەبدوڵڵا و، عەمری کوڕی عاص و، کۆمەڵێ لە شوێنکەوتووانیش بە وێنەی هاوەڵان ڕەنگی ڕەشیان بە کار هێناوە وەکو: عەمری کوڕی عوسمان و، عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و، ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدوڕڕەحمان و، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەسوەد و، موسای کوڕی تەڵحە و، ئیبنوشیهابی زوهری و، ئیسماعیلی کوڕی مەعدی کەرب. ئیبنولجەویزیش لە کۆمەڵێکی دیکەی گێڕاوەتەوە لەوانە:

موحاریبی کوڕی دیسار و، یەزید و، ئیبنوجورەیج و، ئەبویوسفی حەنەفی و، ئەبوئیسحاق و، ئیبنوئەبی لەیلا و، زیادی کوڕی عەلاقە و، غەیلانی کوڕی جامیع و، نافیعی کوڕی جوبەیر و، عەمری کوڕی عەلی و، قاسمی کوڕی سەلام » .

حەکیمی ترمیزییش لە (المنهیات ل:١٠٣) دا لە بارەی ئیمامی عومەری کوڕی خەتتابەوە گێڕاویەتیەوە کە گوتوویەتی: « قژ و ڕیشتان بە ڕەنگی ڕەش بۆیاغ بکەن، چون ئەوە خۆشی و ئارامییە بۆ خێزانەکانتان و، تۆقێنەریشە بۆ دوژمنانتان».

ئیبنوئەبی دونیاش لە کتێبی (العمر والشیب ل:٤٩) دا و، ئیبنوقوتەیبەش لە (عیون الأخبار: ٢/٣٢٦) دا و، جگە لەمانیش هەر ئەم گوتەیەیان لە ئیمامی عومەرەوە گێڕاوەتەوە!

ئەوەی کە هاوەڵانی دیکە هیچ گێڕانەوەیەکیان لەمەڕ ئەم باسەوە لێ نەگێڕدراوەتەوە نابێتە بەڵگە لەسەر حەرامبوون یان ناپەسەندبوونی کارەکە، بەڵکو دەکرێ بێدەنگییان بکرێتە بەڵگە لەسەر ڕێگەپێدراوی ڕنگی ڕەش بەکارهێنان، چون ناکرێ کارێك بەو شێوەیەی کە پێشتر باسمان کرد حەرام بووبێت و، ئەم هەموو

هاوەڵە ئەنجامی بدەن و، هیچ هاوەڵێکی دیکە لێیان بە دەنگ نەیەت!

ئیبنولجەوزیش لە کتێبی (الشیب و الخضاب ل:٦٣) ـەکەیدا بە سەنەدێك کە دەگاتە عەبدوڵڵای کوڕی حوسەین و ئەویش لە باوکییەوە و پاشانیش لە عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە کەوا گوتوویەتی: « دەست بگرن بەم ڕەنگە ڕەشەوە، چون ئەمە زێتر ترستان دەهاوێتە نێو دڵی دوژمنانتانەوە و، لای خێزانەکانیشتان زێتر خۆشەویستتان دەکات » .

ئیبنوسەعدیش لە (الطبقات ٥/١٥٣) دا بە سەنەدەکەی کە دەیداتە پاڵ سەعیدی کوڕی ئەلمەقبەری، گوتوویەتی: « ڕۆڵەکانی پێغەمبەری خودام دەبینی کەوا قژ و ڕیشیان ڕەش دەکرد، عەمری کوڕی عوسمانیش بە هەمان شێوەی ئەوانی دەکرد » .

هەر چۆنێك بێت، گوتە و گێڕانەوەیەکی زۆر لە بارەی ئەم هاوەڵ و شوێنکەوتووانەوە سەبارەت بە ڕەشکردنی قژ و ڕیشیان هاتووە و، ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێن، پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە

ئەوان لە پێغەمبەری خوداوە نزیکتر بوون و، باشتر لەو گەیشتوون، ئەگەر بە ئەندازەی گەردیلەیەك بۆنی حەرامی لە کارەکە هاتبا و، زانیبایان حەرامە یان مەکروهە، بێگومان هەڵوێستەیان لە بارەوە دەکرد و، دیارە ڕەشکردنیان بە لاوە هیچ کێشە نەبووە، دەنا بەو شێوە بەربڵاوە ئەو کارەیان ئەنجام نەدەدا!

ئەبویوسفی قوتابی ئەبوحەنیفەش دەڵێ: « هەروەك چۆن پێم خۆشە هاوسەرەکەم خۆی بۆ من بڕازێنێتەوە، بە هەمان شێوە پێم خۆشە خۆم بۆ وی ڕێك و پێك و جوان بکەم » و، لە (الحاشية ٦/٧٥٦) شدا هەر ئەو _ئەبو یوسف_ گوتوویەتی: ڕاستتر ئەوەیە کە لە جەنگ و جگە لە کاتی جەنگیشدا ڕەشکردنی قژ و ڕیش بە خراپ نازانرێ!

چەند هەڵوێستەیەك لە بارەی ئەو فەرموودانەی کە وەکو بەڵگە بۆ حەرامبوون یان ناپەسەندبوونی ڕەنگی ڕەش دەهێنرێنەوە:

لە بارەی ڕەنگکردنەوە نزیکەی پازدە فەرموودە هاتوون، وەلێ دوانیان _وەك پێشتریش لە بەڵگەکانی ئەوانەی کە کارەکە بە

حەرام دەزانن باسمان کردن_ ڕاشکاوانە لەمەڕ ئەم باسەی خۆمانەوە دەدوێن و دەکرێنە بەڵگە، هەر بۆیە ئێمەش زێتر جەخت لەسەر ئەو دوو فەرموودە دەکەینەوە:

یەکەم: ئەو فەرموودەیەی کە لە (صحیح) ەکەی پێشەوا (موسلیم) دا هاتووە، کە جابیری کوڕی عەبدوڵڵا هەواڵخوانەکەیەتی و دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا ئەبوقوحافەیان هێنایە خزمەت پێغەمبەی خودا و، سەر و ڕیشی لە سپێتیدا وەکو (ثغامة) سپی هەڵگەرابوو، پێغەمبەری خوداش سەبارەت بەمە فەرمووی: « غیروا هذا بشيء، واجتنبوا السواد» واتا : بە هەر ڕەنگێك دەکرێ، ئەم ڕەنگە سپییە بگۆڕن، لێ ڕەنگی سپی لێ دوور خەنەوە.

« زانایان دەڵێن: دەستەواژەی "واجتنبوا السواد" لە فەرموودەکەدا زیادەیە و، بە (مدرج) لە قەڵەم دەدرێ، چون ئەبوزوبەیر لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵای گێڕاوەتەوە و، حەوت کەسیش لە ئەبوزوبەیریان گێڕاوەتەوە و، پێنجیان دەستەواژەی (واجتنبوا السواد) یان گێڕاوەتەوە، وەلێ دوان لەو پێنجە _کە

ئەمان خۆیان و گێڕانەوەکەشیان متمانەپێکراوترە_ ئەم دەستەواژەیان لە فەرموودەکەدا باس نەکردووە!

با بزانین ئەو پێنج کەسەی کە دەستەواژەکەیان باس کردووە کێن و، زانایان لە بارەیانەوە چ دەڵێن..

١_ (ئیبنو جورەیج)، کە بە تەواوی ددانی بەوەدا نەناوە کە خۆی فەرموودەکەی لە ئەبوزوبەیرەوە بیستبێ!

٢_ (ئەیوبی سەختیانی)، کەوا ڕیوایەتی لێوە ناچەسپێ!

٣_ (لەیسی کوڕی ئەبی سولەیم)، ئەویش لە نێو زانایاندا ناسراوە چۆن کەسێکە و، کۆڕا لەسەر لاوازیی ئەو کابرایە هەیە، هەندێ لە زانایانی سەردەم کە ئەوە لەیسی کوڕی سەعدە، وەلێ بە هەڵەدا چوون.

٤_ (ئەجلەحی کوڕی عەبدوڵڵای کەنەدی)، ئەم کابرایەش زانایانی گەورە قسەیان لە بارەوە هەبووە وەکو پێشەوا ئەحمەد و جگە لەویش، هەر بۆیە فەرموودەی بە بەڵگە وەرناگیرێ!

٥_ (مطر الوراق)، ئەویش لاوازە و، ڕێگەی گێرانەوەکە بۆ لای وی بە لاواز لە قەڵەم دەدرێ!

کەوایە ئەوەی لەبارەی زیادەی (واجتنبوا السواد) ەوە پشتی پێ دەبەسترێ و، دەتوانرێ بکرێ بە بەڵگە، تەنها ڕیوایەتەکەی ئیبنو جورەیجە!

با بێینە سەر باسی ئەو دوو هەواڵخوانەی کە باسی دەستەواژەی (واجتنبوا السواد) یان لە فەرموودەکەدا نەکردووە:

١_ (زوهەیری کوڕی موعاویە)، ئەمیش نازناوەکەی ئەبی خەیسەمە بووە و، یەکێکە لە متمانەپێکراوەکان لە نێو زانایاندا و، حەوت کەس فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە و، هیچ کامێکیان جیاوازی و قسەیان لە بارەیەوە نەبووە و، هەر لە ڕیواتەکەدا دەڵێ: بە (ئەبوزوبەیر) م گوت: ئایا جابیر دەستەواژەی (واجتنبوا السواد) ی لە فەرموودەکەدا باس کرد؟ ئەویش _ئەبوزوبەیر_ گوتوویەتی: نەخێر!

ڕاستییەکەی ئەمە بەڵگەیەکی تەواو یەکلاکەرەوەیە بۆ کەسێ کە ڕای پێچەوانەی لەم بارەیەوە هەبێ!

٢_ (عەزرەی کوڕی سابت)، ئەوەی کە دراوەتە پاڵ ئەو، بە ڕاست (صحیح) لە قەڵەم دەدرێ!

کەوایە ئەو دوو کەسەی کە زیادەکەیان یاداشت نەکردووە، کەسانێکی متمانەپێکراون و، فەرموودەیان لێ وەردەگێرێ، وەلێ ئەوانەی کە زیادەکەیان باس کردووە، هەموویان جگە لە جورەیر قسەیان لە بارەوە هاتووە و، زانایان تێبینیان لە بارەیانەوە هەبووە و، فەرموودەیان لێوە نەچەسپاوە و، ئەوەی لەوانە دەگێردێتەوە، ناکرێ بۆ بەڵگە بهێنرێتەوە.

کۆتا گوتە لە بارەی ئەم فەرموودەیەوە ئەوەیە: ئەگەر گێڕانەوەکەی (ئیبنوجورەیج) یش بکرێتە بەڵگە، خۆ ئەویش بە ڕاشکاوی ددانی بە بیستنی فەرموودەکەدا لە (ئەبوزوبەیر)ـەوە نەناوە، ڕەنگە ئەویش هەر لە یەکێك لەو کەسە لاوازانەی بیستبێ کە باسمان کردن، سەیرتر ئەوەیە کە (ئیبنوجورەیج) خۆیشی قژ و ڕیشی ڕەش کردووە، ناشکرێ کەسێکی وەکو ئەو بە بێ بیانو پێچەوانەی نەهی خودا بوەستێتەوە، دیارە کە زانیویەتی دەستەواژەی (واجتنبوا السواد)ـەکە زیادەیە، چون

ئەکرێ خۆیشی زانیبێتی ئەو کەسانەی کە ئەم لێی وەرگرتوون، جێی متمانە نیین، هەرچەند ئەم حاڵەتە بە لای هەندێ لە زانایانەوە جێی قبوڵ نییە، چون وەك دەڵێن: پەند لە گێڕانەوەکەی وەردەگیرێ، نەك لە ڕا و بۆچوونی خۆی، وەلێ ناشکرێ کەسێکی وەك ئەو خۆی بڕوای بە شتێك نەبێ، کەچی بۆ خەڵکی دی بگێڕێتەوە، یان بە باشی لەوە گەیشتووە کە فەرموودەکە بۆ بارێکی تایبەتی وەکو حاڵی ئەبو قوحافەیە کەوا بە شێوەیەك پیر و پەککەوتە بووبوو، کە بۆ پیاوێکی وەها جوان نەبوو لەوپەڕی تەمەنی پیرێتیدا تازە بە تازە سەر و ڕیشی ڕەش بکاتەوە، بۆیە ڕەشکردنی بۆ خۆی بە ڕەوا دیووە!

چەندین فەرموودەی دروست لەمەڕ ڕەنگکردن و بۆیاغکردنی قژ و ڕیشەوە هاتوون و، لە هیچ کامێکیاندا نابینین پێغەمبەری خودا ڕاشکاوانە ڕەنگی ڕەش بەکارهێنانی قەدەغە کردبێ، بێگومان ئەگەر حەرام بایە، بە شێوەیەکی دیار و ڕەوان ڕوونی دەکردەوە تاوەکو هەموان بزانن کە ڕەنگی ڕەش حەرامە!

ئەوی کە ئەم زیادەیە لە چەند لاوە گێڕدراوەتەوە، نابێتە بەڵگە بۆ وەڕاست گەڕانی، چون وەك دەزانین زۆر فەرموودەمان دیووە کە لە چەندین لاوە گێڕدراوەتەوە و، کەچی دەرکەوتووە لاوازە و، بۆ بەڵگە ناهێنرێتەوە، بەڵکە زۆرجار ئەو فەرموودانەی ڕێگەی گێڕانەوەیان زۆر دەبێ، لە کۆتاییدا لاواز دەردەچێ.."!

تەنانەت ئەگەر ئەو قسانەش کە لە بارەی فەرموودەکەوە هاتوون پشتگوێ بخرێن و، ئەو زیادەیەش بە ڕاست و دروست وەربگیرێت، ئەوا هەندێ لە زانایانی کۆن و، زانایانی نوێی وەکو شێخ یوسف قەرەزاوی و شێخ سەیید سابیق و جگە لەوانیش دەڵێن: ئەو فەرموودەیە ناکرێ وەکو بەڵگە بۆ حەرامکردنی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش بهێنرێتەوە، چون ئەمە ڕووداوێکی تایبەتە و، نابێ بگشتێنرێ و، تایبەتییەکی سەبارەت بە ئەبو قوحافە تێدایە، کە بۆ جگە لەو نییە، چون وەك دیارە، بۆ کەسێکی وەکو ئەبو قوحافە کە لەوپەڕی تەمەنی پیرێتیدا بوو، شیاو نەبوو سەر لە نوێ سەر و ڕیشی ڕەش بکاتەوە و، خۆی بە گەنج نیشان بدا.

ئەبولعەلیائیش دەڵێ: ئەگەر کەسێك بیەوێ، دەتوانێ هەر فەرموودەکەی (واجتنبوا السواد) بگاتە بەڵگە بۆ ڕێگەپێدراوی ڕەنگی ڕەش بەکارهێنان، چون ئەم نەهیکردنە خۆی بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵاندا ئەم ڕەنگە ـڕەنگی ڕەش_بەکار دەهێنرا و، دەکرا ڕەنگی ڕەشیش بۆ ئەبو قوحافە بەکار بێنن، وەلێ فەرمانی پێکردن کە لە ڕەنگی ڕەشی دوور خەنەوە، چون دیارە ئەمە بە نەریتی ئەو کاتە شیاو نەبووە کەسێکی وەها پیر و بەو هەموو تەمەنەوە قژ و ڕیشی ڕەش بکاتەوە و، خوداش باشتری لێ دەزانێ!

ئیبنو شیهابی زوهریش دەڵێ: تا ئەو کاتەی دەموچاو و ڕووخسارمان گەنج دەرکەوتایە، سەر و ڕیشمان ڕەش دەکرد، وەلێ کاتێ کە ڕووخسارمان چرچ و لۆچ دەبوو و، دەم و ددانمان دادەکەوت، ئەوسا وازمان لێ دەهێنا.

کەوایە ئەمە پەیوەستە بە بار و هەلومەرجی مرۆڤەکان خۆیانەوە، ئەگەر کەسەکە زانی ڕەشکردنی پێ دەکەوێ و، شیاوە بۆی، ئەوا ڕەنگی ڕەش بەکار دەهێنێ و، ئەگەریش زانی ڕەنگی

ڕەشی پێ دزێوە و، ئێسکی قورس دەکا، ئەوا یان بە سپێتییەکەی خۆیەوە دەیهێڵێتەوە، یاخود ڕەنگێکی دیکە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

ڕاستییەکەی ئەوەندەی پەیوەستە بە حاڵ و باری مرۆڤەکان خۆیانەوە، ئەوەندە پەیوەندیی بە حەڵاڵ و حەرامبوونەوە نییە، واتە کارەکە لە بازنەی شتە (تەشریعییەکان) دا نییە، بەڵکو کارەکە پەیوەندی بە کەسە خۆیەوە هەیە، کێ دەیەوێ با ڕەشی بکا و، کێش دەیەوێ با ڕەشی نەکا و، هەر ئەمە ڕایەش ڕای شێخ محمد ڕەشید ڕەزایە..!

٢_ فەرموودەی دووەم کە هەر لەم بارەیەوە هاتووە: ئەو فەرموودەیەیە کە ئیبنوعەبباس دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: پێغەمبەری خودا فەرمووی: « يكون قوم يخضبون _في آخر الزمان_ بالسواد، كحواصل الحمام، لا يريحون رائحة الجنة » واتا : کۆمەڵە خەڵکانێك لە ئاخیر زەماندا پەیدا دەبن کەوا سەر و ڕیشیان بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگ دەکەن، بە وێنەی جیقڵدانی کۆتر، ئەوانە بۆنی بەهەشت ناکەن .

ئەم فەرموودەیەش وەك ئەو فەرموودەکەی دی لە بارەی ڕاستی و جێگیربوونی لە پێغەمبەری خوداوە قسەی زۆری لەسەرە،

ئیبنولجەوزی و قەزوینی لە ڕیزی فەرموودە (دانراو : موضوع) ـەکاندا یاداشتییان کردووە  و، ئەوەتا ئیبنولجەوزی لە (الموضوعات : ٣/٢٢٩) دا دەڵێ: هەرگیز فەرموودەی وا لە پێغەمبەری خوداوە (صلی الله علیە وسلم) ناچەسپێ و، ئەوەشی ئەم فەرموودەیەی بە ناوی پێغەمبەری خوداوە داناوە و گێڕاوەتەوە، کابرایەکە بە ناوی (عەبدولکەریمی کوڕی ئەبولموخاریقی ئەبو ئومەیەی بەصریی) و، پێشەوا ئەحمەدیش لە بارەی ئەم کابرایەوە گوتوویەتی: ئەم پیاوە کەسێکە، هیچی تێدا بەسەر نییە!

ئیمامی قاری لە (مرقاة المفاتیح ٨/٣٠٤) دا دەڵێت : میرك گوتوویەتی: لە ئیسنادەکەیدا قسە هەیە!

دارولقوتنییش هەر لە بارەی ئەم کەسەوە دەڵێت : ئەم کابرایە دەستلێشۆراو (مەتروك)ـە!

هەرچەند ئیبنوحەجەر لەمەدا ڕەخنەی لە ئیبنولجەوزی و هاوڕاکانی وی گرتووە و، بە هەڵەی لە قەڵەم داون و، دەڵێت : ئەم (عەبدولکەریم)ـە ئەو کابرایە نییە، بەڵکو ئەمە (ئیبنو

مالیكی جەزەری) یە كە پیاوێكی متمانەپێكراوە و، هەندێكی دیكەی زانایانیش ڕاكەی ئیبنەحەجەریان پەسەند كردووە و، فەرموودەكەیان بە لاواز دا نەناوە!

وەلێ دوای ئەوەی حافز ئیبنوحەجەر سەنەدەكەی بە بەهێز لە قەڵەم دەدا، هەر خۆی دەڵێت : جیاوازی لەبارەی ئەوەوە هەیە، ئاخۆ فەرموودەكە مەرفوعە یان مەوقوف !

لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێ فەرموودەكە لەسەر موجاهید مەوقوفە، واتە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە گوتەی موجاهید خۆی بێ، نەك فەرموودەی پێغەمبەری خودا!

هەر ئەوەی كە جیاوازی لە بارەی ئەوەوە هەیە كە ئاخۆ ئەم عەبدولكەریمە، عەبدولكەریمی كوڕی ئەبولموخاریقە، ئاخود ئیبنومالیكی جەزەرییە، ئەمە خۆی بۆ خۆی وا لە فەرموودەكە دەكات كە بۆ بەڵگەهێنانەوە نەشێت، چون ئەمە ئەگەر و گومان لە بارەی ڕاستی و دروستی فەرموودەكە دروست دەكات و، ئەگەر و گومانیش بەڵگە پووچ دەكاتەوە، بە گوێرەی ئەو ڕێسا فیقهییەی كە دەڵێ: « كل دليل طرق إليه الاحتمال، سقط به الاستدلال» واتا: هەر

بەڵگەیەك دەرگای گومان و ئەگەری بە ڕوودا کرایەوە، ئەوا ناکرێ بۆ بەڵگە بهێنرێتەوە!

ئیبنولجەوزییش هەر لە (الموضوعات ٣/٥٥) دا دەڵێ: تەنانەت ئەگەر واشمان دانا کە فەرموودەکە ڕاست (صەحیح) ـە، ئەوا لەوانەیە مەبەست پێی ئەوە بێ، جۆرە کەسانێك لە ئاخیر زەماندا دێن، بۆنی بەهەشت ناکەن، بەهۆی ئاکار و ڕەوشت وبیروباوەڕە پوچەڵ و لاڕێکانیانەوە، نەك بەهۆی ڕەشی قژ و ڕیشییانەوە، وەلێ یەکێك لە نیشانەکانیان ئەوەیە سەر و ڕیشیان ڕەش دەکەن، هەروەك چۆن یەکێك لە نیشانەکانی خەواریج سەرتاشینیان بوو، هەرچەندە سەرتاشین خۆی بۆ خۆی حەرام نییە، وەلێ نیشانەیان بوو و پێی دەناسرانەوە!

کەوایە هۆکار ڕەشکردن نییە، بەڵکو بیروباوەڕێکی پوچەڵە، وەلێ سیمایان بەو شێوەیە کە ڕەنگی ڕەش بۆ ڕەنگکردنی سەر و ڕیشیان بەکار دێنن.

موبارەکفورییش لە (تحفة الأحوذي ٣٥٩_٥/٣٦٠) دا دەڵێت : ئەم هەڕەشەیەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە بەهۆی ڕەشکردنەکەوە

نییە، بەڵکو بەهۆی تاوانی دیکەوەیە کە لە فەرموودەکەدا باس نەکراوە _هەروەك ئیبن ئەبی عاصیمیش دەڵێت _ بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە کۆمەڵێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان لەو کاتەدا قژ و ڕیشیان ڕەش دەکرد، ئەگەر هەڕەشەکە لەسەر ڕەنگکردن بە ڕەنگی ڕەش بایە، بێگومان ئەوانیش وازیان لێ دەهێنا، کەوایە بەڵگەهێنانەوە بەم فەرموودەیەش بۆ سەلماندنی ناپەسەندێتی یان حەرامێتی ڕەنگکردن بە ڕەش هەڵەیە و زانستی نییە!

ئاخۆ تۆ بڵێی جاران لە (أول الزمان) دا حەڵاڵ بووبێ و، ئێستا لە (آخر الزمان) دا _کێ دەڵێت ئێستاش ئاخیر زەمانە_ حەرام بێت..؟!

ڕەخنەیەکی دیکەش کە ئاڕاستەی ئەم فەرموودەیە دەکرێت، ئەم هەڕەشە ترسناکەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە لەگەڵ ڕۆحی قورئان و یاسای پاداشت و سزای قورئاندا ناگونجێ و دژ دێتەوە، چون ناکرێ کەسێك تەنها بەهۆی ڕەشکردنی قژ و ڕیشییەوە بۆنی بەهەشت نەکات..!

شێخ قەرەزاویش لە کتێبی (فقه الطهارة) کەیدا دەڵێ: ئەو زیادەیەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە و دەڵێ: (بۆنی بەهەشت ناکەن)، یەکێکە لەو بەڵگانەی کە ڕاستی و دروستی فەرموودەکە دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن بینش و تێڕوانینی وردن.

فەرموودەیەکی دیکەش کە هەر لەمەڕ ڕەنگکردنەوە هاتووە، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودایە (صلی الله علیه وسلم) کە دەفەرموێت: « أن أحسن ما غيرتم به هذا الشيب الحناء و الكتم » واتا : باشترین ڕەنگێك کە سەر و ڕیشتانی پێ ڕەنگ بکەن، خەنە و وسمەیە .

شێخ محمد ڕشید ڕەزا لێکدانەوەیەکی زۆر جوان و بەپێزی لە تەفسیری مەنارەکەیدا کردووە و دەڵێت : وا دەردەکەوێ فەرموودەکە بەکارهێنانی هەردوو ڕەنگەکە پێکەوە بێ، دەنا دەیفەرموو: (أو الكتم)، ئەوەی ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە لە پێغەمبەری خوداوە (صلی الله علیه وسلم) گێڕدراوەتەوە

کەوا ئەبوبەکری صدیق خودای لێ ڕازی بێ، هەمیشە هەردوو ڕەنگی خەنە و وسمەی پێکەوە بەکار هێناوە.

عەللامە ئیبنولئەسیریش سەبارەت بەمە کۆڵیوەتەوە و بۆی دەرکەوتووە کەوا بەکارهێنانی هەردوو ڕەنگەکە پێکەوە قژ و ڕیش ڕەشتر نیشان دەدەن، هەندێکی دی گوتوویانە ڕەنگەکەی دەبێتە ڕەنگێکی ڕەشی مەیلەو سوور، واتە ڕەشی تۆخ نییە، کۆی هەردوو قسەکە ئەوەیە کە ئەگەر ڕەنگەکە چڕ و تۆخ بێ، ئەوا زۆر ڕەش دەردەکەوێ و، ئەگەریش بە کاڵی بکرێ، ئەوا ڕەنگی مەیلەو سوور نیشان دەدا، وەلێ لە هەر بارێکدا بێ، ئەو ڕەنگەی کە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ئەم دوو ڕەنگەوە دەست دەکەوێ، ڕەنگی ڕەشە..! .

بە ڕاستی ئەمە ڕایەکی جوان و وردە لە بارەی ئەم فەرموودەیەوە و، زۆر بە جوانی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا تەنانەت ڕەنگی ڕەش بەکارهێنان باشترە لە ڕەنگەکانی دی، ئەمەش بۆ گەنج پیشاندانی میللەتی ئیسلامی و موسڵمانانە بەرانبەر هەموو جیهان، نەك ئەوەی بێین ئایین بەسەر

خەڵکییەوە پیر بکەین و، پیرخۆنیشاندان بە دینداری لە قەڵەم بدەین، ئیمامی عومەر ڕەحمەتی خودای لێ بێ دەیفەرموو: ئایینمان بەسەرەوە مەمرێنن..! ئێمەش دەڵێین: بۆ خاتری خودا ئایینمان بەسەرەوە پیر نیشان مەدەن..! بەڵکو بۆ ئەوەی خزمەت بە دین و ژینی خۆمان و خەڵکیش بکەین، با هەمیشە دانایی پیران و گوڕوتین و هێزی گەنجان پێکەوە گرێ بدەین و، بەو شێوەیە لە ڕەوتی ژیاندا بەردەوام بین، پیربوون خۆی بۆ خۆی کێشە نییە و، هەموو مرۆڤێك ئەگەر تەمەن ڕێگەی بدا، هەر دەبێ بیبینێ، وەلێ کێشە ئەوەیە خۆچواندنی گەنجان بە پیرانەوە بکرێ بە ئایین بەسەر خەڵکەوە و، ئەمە بە دینداری لە قەڵەم بدرێ.

خوای گەورە لەهەموو لایەکام خۆش بێت